بۆکان لەمێژوودا   بەشی (١١١)   ئەنوەر سوڵتانی

## بنکەی فەرهەنگیی حەمامیان

لە ژمارە ٧٥ و ٧٧ ی گۆڤاری "مەهاباد" دا بەڕێزان محەمەد ئەحمەدیان و مستەفا ئیلخانی زادە دوو وتاریان لەسەر "بنکەی فەرهەنگیی حەمامیان" ی بۆکان نووسیوە و تێیاندا باسی خوێندەوار و مەلا و فەقێ و ئاغای گوندەکەیان کردوە.

زانیاری ناو و وتارەکان دەری دەخات کە حەمامیان و مزگەوت و حوجرەکەی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە تا کۆتاییەکانی سەدە، بنکەیەکی گرنگی فەرهەنگی بوون و گەلێک زانا و مەلایان لێ پەروەردە کراون کە دواتر لە ڕەوتی سیاسی – فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەوری گرنگیان بینیوە.

وتارەکان هەروەها زانیاریی باشمان سەبارەت بە گومبەزی حەمامیان دەدەنێ کە لەوێشدا مەزن پیاوانی ناوچەکە و سەرۆک هۆزانی دێبوکری نێژراوان و بەردی گڵکۆیان بە خە تی خەباتکاری ڕێگەی کوردایەتی، نەمر مەلا ئەمجەدی عوسمانی، نووسراوە.

ئەم دوو وتارە بۆ نەوەی تازە و ئەوانەی وا ئاگاداریی زۆریان لە مێژووی فەرهەنگی ناوچەکە نییە گەلێک بەسوودە، بەڵام گەورەیی بنکە و دوور و درێژی چالاکییەکانی حوجرە و مزگەوتی حەمامیان ئەوە هەڵدەگرێت کە ئەو برایانە و نووسەرانی دیکەی ناوچەکە ئاوڕی جیددی لە حەمامیان بدەنەوە، ژیننامەی مەزن پیاوانی پەیوەندیدار بە حەمامیان بنووسن، وێنەی خۆیان و گڵکۆیان هەڵبگرن و تەنانەت فیلمی ڤیدیۆ لە گومبەز و دیوەخان و دانیشتوان و بارودۆخی سیاسی – ئابووری گوند و ناوچەکەشی لێ زیاد بکەن و ئیتر بیکەنە کارێکی کارستان. کاتێ باسی ئابووری گوندە کە دەکە م، دە بێ بۆ زانیاریی خوێنەر بڵێم تا ٤٠ – ٥٠ ساڵی ڕابردووش حەمامیان ناوەندێکی کشت و کا ڵیی گرنگ بوو و بەشێک لە برنج و گەنم و پێخۆری خەڵکی ناوچەکە لەوێ بەرهەم دەهات.

لێرەدا ئەوەش بگوترێت کە لە هەردوو ژمارەی ناوبراوی گۆڤارەکەدا، وتاری بەکەڵکی دیکەش سەبارەت بە بۆکان چاپ کراون و لەوانە، وتارێکە بە قەڵەمی کاک مستەفا کاوە بە ناوی "بۆکان" کە لە بنەماکانی "ناو"ی بۆکانی کۆڵیوەتەوە و زۆرێکی تریش.

گۆڤاری "مەهاباد"، ساڵی حەوتەم، ژمارە ٧٥ و ٧٧ ، ساڵی ١٣٨٦ [= ٢٠٠٧]، مەهاباد، صندوق پستی   ٣٦